# ڕۆڵی ناونیشان لە شیعرەکانی ( شێرکۆ بێکەس) دا

**ID No. 87**

(PP 204 - 222)

https://doi.org/10.21271/zjhs.25.6.11

**هیمداد حسین بکر** **عبدالله محمد خالد**

کۆلیژی پەروەردە / زنکۆی سەلاحەدین-هەولێر

Hemdad.bakir@su.edu.krd Abdulla.Halwer2020@gmail.com

**وەگـــــــرتن : 2021/09/09**

**پەسندکردن : 2021/09/28**

**بڵاوکردنەوە : 2021/12/25**

**پوختە**

لە ڕەخنە ئەدەبی نوێدا؛ ناونیشان وەك ڕەگەزێگی گرنگ و بنچینەیی دەق و بنەمایەکی فرە ڕەهەندی لە شیعری نوێی کوردیدا، پانتاییەکی فراوانی گرتووەو چەندین توێژیتەوەی لەبارەوە کراوە. (شێرکۆ بێکەس)یش، وەك شاعیرێکی نوێخواز ، کە ڕۆڵی هەبووە لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا، ناونیشانی بۆ چەندین مەبەست لە بونیادی شیعرەکانیدا بەکارهێناوە.ئەم گرنگی پێدانەی شاعیر بە ناونیشان هەر لە خۆوە نەبووە، بەڵکو لە پێناو گەیاندنی پەیامێك بووە. چونکە ناونیشان وەك سەری جەستەیەکە، کە خوێنەرو ڕەخنەگر دوای خوێندنەوە دەتوانن بڕیار لەسەر گونجان و نەگونجانی پێکهاتەکانی دەقەکە بدەن. بۆیە ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (ڕۆڵی ناونیشان لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس)دا.کە پوختەیەکیشی بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی لەگەڵدایە.

**کلیلە وشە:** شێرکۆ بێکەس ، ناونیشان ، شیعر ، ئەرکی ناونیشان.

## 1 پێشەکی:

ناونیشان کلیلی کردنەوەی دەرگا سەرەکی و مانا شاراوەکانی دەقە، لەبەرئەوەی لە ڕێگەی ناونیشانەوە خوێنەر بۆ بابەتی دەق شۆڕدەبێتەوە، لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین، ناونیشان دەقە و دەقیش ناونیشانە.بۆیە ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە( ڕۆڵی ناونیشان لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس)دا، کە لە دوو تەوەر پێکهاتووە. لە تەوەری یەکەمدا؛ پێناسەی ناونیشان کراوە لەگەڵ پێگەی ناونیشان وەك یەکەیەکی دەق و باسکردن لە گرنگی ناونیشان و خاسیەتەکانی.لە تەوەری دووەمدا؛ ناونیشانی شیعرەکانی شاعیر پۆلینکراوەو جۆرو ئەرکەکانیان بە شێوەیەکی پراکتیکی شیکراوەتەوە.

### هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:

کارکردن لەسەر ناونیشان و ئەرکو گرنییەکەی لە شیعری نوێی کوردیدا، وەك پێویست ئاوڕی لێنەدراوەتەوە، بە تایبەتی لە ناونیشانی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس دا، کە لەم بوارەدا پێشەنگەو ناونیشانی شیعرو دیوانەکانی خاوەن نیشانەو مانا و پێگەیەکی بەرفراوانی ئاماژەو هێمان. بۆیە شیعرەکانی شاعیری ناوبراومان هەڵبژاردووە بۆ توێژینەوەکە.

### گرنگی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە ڕۆڵی ناونیشان، گرنگییەکی تایبەتی هەیە. چونکە نانیشان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆو لە یەکەمین ڕووبەڕووبوونەوەیدا لەگەڵ خوینەر، کاریگەری لەسەر خوێنەر جێدەهێڵێت.سەرەڕای ئەوەی ، کە ناونیشان دەبێتە ناسنامەی دەق و لەوانی دیکەی جیادەکاتەوەو کار لەسەر ناساندنی دەکات.(شێرکۆ بێکەس)یش، لەو شاعیرە دەگمەنانەیە، کە لە ڕێگەی ناونیشنی شیعرەکانیەوە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت و چەندین پرسیار لە مێشکیدا دروست دەکات .

### سنووری توێژینەوەکە:

سنووری توێژینەوەکە، (شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس) دەگرێتەخۆ، بەتایبەتی ئەو شیعرانەی، کە ناونیشانەکانیان لەڕووی دەلالیی و ئیستاتیکی و ڕەمزییەوە، بەشێوەیەکی داهێنەرانە لەلایەن شاعیرەوە هەڵبژێردراون و هەڵگری پەیام و مەبەستێکن.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:**

ڕێبازی بەکارهاتوو بۆ ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە ڕێبازی ( وەسفی _ شیکاری ).

**1. پێناسەی ناونیشان،پێگەی ناونیشان وەك یەکەیەکی دەق ، هەڵبژاردنی ناونیشان و خاسیەتەکانی،گرنگی ناونیشان**

**1.1 پێناسەی ناونیشان :**

ناونیشان وەك ڕەگەزێکی گرنگی ئەدەبی، لەیەکەم بەریەککەوتنی ڕووبەڕووی خوێنەر دەبێتەوە . واتە هۆیەکە بۆ یارمەتیدانی خوێنەر لە پێناو ناساندنی دەقدا. ناونیشان لە ڕەخنەی ئەدەبیدا خاوەن پێگەی خۆیەتی ، چەندین پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوەو ژمارەیەکی زۆری لە بیروبۆچون لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە ، کەئەمەش پێوەندی بە دنیای دەوڵەمەندی ئەدەبەوە هەیە .

هەریەك لەو پێناسانەشی لەبارەی ئەم چەمکەوە کراون، لە ڕوانگەو دیدگایەکی جیاوازەوە لێیان ڕوانیوەو لایەنێکیان خستۆتەڕوو، هەروەکو یەکێك لە دامەزرێنەرانی ئەم زانستە ،کە(جیرار جینیت)ە، دەڵێت: (زەحمەتی لە پێناسەکردنی ناونیشان، بۆ پێکهاتە ئاڵۆزەکەی دەگەڕێتەوە){حمداوی:1997: 106}. بەپێی ئەم بۆچونەی ناوبراو، تەم و مژی و ئاڵۆزی ناونیشانی داپۆشیوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەخنەگران دەستەوەستان نەبوون لەناساندنی ناونیشاندا، چونکە( لەناو دەقد ڕۆڵەکی مەترسیدار دەگێڕێ ){خمری:2007: 110}. ئەم مەترسییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ، کە ناونیشان هەڵگری واتای دەقە، بە پشتگوێخستنی بەشێکی گەورەی تێگەیشتنی دەق لەدەست دەدەین.لێرەدا لەپێناو ڕوونکردنەوەی زیاتری ناونیشان لە دەقی ئەدەبیدا، بیروبۆچوونی چەند ڕەخنەگرێکی ڕۆژئاوایی و عەرەبی دەخەینەڕوو :

(لیۆ هۆك) وایدەبینێت، کە ناونیشان (کۆمەڵێك نیشانەی زمانین، لە وشەو ڕستەو تەنانەت لە دەقیش پێکدێن، کە لەسەری دەقەوە دەردەکەون ، تاوەکو ناوەڕۆکەکەی دیاریبکەن و دەلالەتی لێوە بکەن){بلعباد:2008: 67}.ئەم پێناسەیە چەند تایبەتمەندییەکی ناونیشان دیاریدەکات، کە بریتین لە :

تایبەتمەندی زمانی، کە لە وشەو ڕستەو هەتا دەقیش پێکدێت، واتە ناونیشان ڕۆڵی سەرەکی لە خویندنەوەی دەقدا هەیە.

ئاماژەکردن بە شوێنی ناونیشان لەناو تۆبۆگرافیای دەقدا، کە وەك دەقێکی بچووك سەروی دەقە گەورەکان دەگرێت. کەواتە ناونیشان تەواوکەری دەق و ناسنامەکەیەتی.

ئاماژەکردن بە ناوەڕۆکی دەق، هەر بۆیەش ناونیشان بە کلیلێك لە کلیلەکانی چونە ناو دەق دادەنرێت.

لەپێناسەیەکی دیکەدا، (ئان فێری) پێیوایە، کە ناونیشان (لەسەرەوەی دەقی شیعریی دادەنرێت، کە لەگەڵ سەرهەڵدانی قۆناغی چاپەمەنی هاتەکایەوە){الماضي:انتربیت}.ئەم بۆچوونە ئاماژە بە دانانی ناونیشان لە بەشی سەرەوەی دەقی شیعریدا دەکات، لە کاتێکدا ناونیشان بۆژانرە ئەدەبییەکانی دی وەکو ( چیرۆك ، ڕۆمان ، پەخشان ) یش ، بەکاردێت. لەلایەکی تریشەوە ، مێژووی سەرهەڵدانی ناونیشان بە سەرهەڵدانی چاپەوە دەبەستێتەوە، کە ئەمەش جێگای سەرنجە . ڕەخنەگرێکی دی، کە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بەرەوپێشبردنی ئەم زانستەدا بینیوە (ڕۆلان بارت)ە، کە پێی وایە (ناونیشان بریتیە لە سیستەمێکی دەلالی ، سیمیۆلۆجی، بەشێك لە بیروباوەڕی (عورفی،کۆمەڵایەتی،ئایدۆلۆژی) لەخۆیدا هەڵدەگرێ){حمداوی:1997: 99}. لەم پێناسەیە ئەوەمان پێدەڵێت، کە ناونیشان هەڵگری دەلالەتی دەقە، (مەبەست لە دانانیشی ڕوونکردنەوەو ڕێکخستن و کورتکردنەوەی دەقە){صالح:2012: 72}.هەروەها وەکو نیشانەیەکی سیمیۆلۆژی،لە شیکردنەوەی دەقدا یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئاشکراکردنی ئەو باوەڕو ئایدۆلۆژیایەی، کە خۆی تێدا حەشارداوە.

دوای بۆچوونەکانی ڕەخنەگرە ڕۆژئاواییەکان، دێینە سەر باسی ئەو ڕەخنەگرە عەرەبانەی، کە باسی ئەم زانستەیان کردووە. لە پێناسەیەکدا (محمد مفتاح) ، (ناونیشان بە سەری دەق ناودەبات){مفتاح:1999: 57}.واتە ناونیشان هۆکارە بۆ ناسین و جیاکردنەوەی دەقەکان ، ئینجا هەیانە تیشکێکی سنوردار دەخەنە سەر شانۆی دەق، هەندێکی دیکەشیان هەروەکو بیر ، بەردەوام ئاوی واتایان لێدەردەهێنرێت.

ڕەخنەگرێکی دی دەڵێت : ( مەبەست و دەلالەت لە ناونیشاندا دوو بنەمای سەرەکین، چونکە ناونیشان ڕۆڵێکی گرنگی لە شیعردا هەیە ، بۆیە دانانی ناونیشان لەخۆوە نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ، نوسەر هەوڵێکی جدی دەدات تاوەکو ناونیشانێکی گونجاو هەڵبژێرێت){سطایحی:2004: 15}. کەواتە دەق موڵکەو ناونیشان خاوەنیەتی ، هەر دەقێك ناونیشانی نەبوو، بۆ لاوازی خەیاڵی نوسەر یان سەرپشککردنی خوێنەر لەبەردەم هەڵبژاردنی ناوێك بۆ دەق، دەگەڕێتەوە.

(عدنان حسین) بەم شێوەیە پێناسەی ناونیشان دەکات (بریتییە لە کلیلی دەلالەتەکانی دەق،خوێنەر بۆ کردنەوەی دەرگا داخراوەکانی دەق بەکاریدەهێنێت){قاسم:2000: 291}. بە واتەیەکی دیکە ، ناونیشان دەبێتە چرای دەستی خوێنەرو یارمەتیدەدات

لە تێگەیشتنی ناوەڕۆکی دەقدا، چونکە ناونیشان ئەرکی گرنگی لە بونیادی دەقدا هەیە، دەبێتە دووربینی مەودا دوورەکانی دەق. هەروەکو (گۆڵدمان ) دەڵێت : (ناونیشان چراخانی دەقە){ئەسوەد:2001: 10}.

لە درێژەی باسی ئەو پێناسانەی بۆ ناونیشان کراون، (محمد هادی) دەڵێت : ( ناونیشان دەربڕینێکی زمانییە ، دەبێتە ناسنامەی دەق و گوزارشت لە ناوەڕۆکەکەی دەکات، هۆکارێکی گرنگە بۆ ڕاکێشانی خوێنەر){المطوی:1999: 457}.ئەم خاڵە جیاوازەی لە پێناسەدا ئاماژەی بۆ کراوە، ڕاکێشانی خوێنەرە بەهۆی ناونیشانەوە، چونکە بینینی ناونیشانێکی جوان و نەخوێندنەوەی دەقەکە، دەبێتە گرێ لای خوێنەر، بۆیە ناونیشان خوێنەر ناچاردەکات بۆ ناوەڕۆکی دەقەکە بگەڕێتەوە و لەگەڵ ناونیشانەکەیدا ئاوێتەو بەراوردی بکات. تەنانەت هەندێ دەق پێوەندییەکی زۆر پتەوی بە ناونیشانەوە هەیە ، چونکە ناونیشانەکان لە زەینی خوێنەر ناسڕێنەوە، بەڵکو کاریگەرییان بەسەر یادەوەری مرۆڤیشەوە هەیە. بە واتایەکی دی، ناونیشانەکان دێنە بەر زەین و ناوەڕۆك بەیان دەکەن، وەك(شیرن و فەرهاد) و (قەڵای دمدم) و (کلیلەودمنە) و (گلگامێش).


نابێت ئەوەشمان لەبیربچێت، کە مەرج نیە هەمووکات ناونیشان وشە و ڕستە یان دەربڕینێکی زمانی بێت، بەڵکو ( دوورنییە ناونیشان نیشانەیەك بێت لە نیشانەکانی خاڵبەندی،یان هێمایەکی بواری ئەندازەو بیرکاری و کیمیا بێت، یان تەنیا دانانی چەند خاڵێك بێت){ڕەشید:2007: 53}.بەڵگەش بۆ ئەم ڕایەی سەرەوە، ئەم قسەیەی (لوقمان ڕەئوف)ە، کە دەڵێت : (ناونیشان بە نیشانەیەك لە نیشانەکان دادەنرێت لە سیمیۆلۆژیادا،ناونیشان ئاماژەی دەلالی زۆر جیاواز لەخۆ دەگرێت،چونکە کورتکراوەی واتای دەقە، ئەگەر دەق سیستەمی دەلالی بێت، بەهەمان شێوەش ناونیشان سیستەمێکی دەلالییە){ڕەئوف:2016: 284}.کەواتە، ناونیشان نیشانەیەکی سیمیۆلۆژی ئاراستەکراوە بۆ خوێنەر، وەکو (کۆد)و کلیلێك بۆ کردنەوەو دۆزینەوەی واتا شاراوەکانی دەق بەکاردەهێنرێت.لە پێناسەیەکی دیکەدا ، ( صدوق نورالدین) وای بۆ دەچێت ( کە ناونیشان دەستنیشانکاری ژانری دەقی ئەدەبییە){نورالدین:1994: 69}. واتە ناونیشان دەبێتە هۆکاری ناسینی دەق، بەشێوەیەك ئایا دەقەکە (شیعر، چیرۆك، پەخشان، ڕۆمان)ە.

بە سوود وەرگرتن لە هەموو ئەو بۆچوونانەی لە سەرچاوە ئەدەبییەکاندا بۆ ناونیشان خراونەتەڕوو، دەتوانین بەشێوەیەکی گشتگیرو هەمەلایەن،بەم شێوەیە پێناسەی ناونیشان بکەین، (ناونیشان وەکو نیشانەیەکی سیمیۆلۆژی دەکەوێتە سەرووی دەقەوە، وشەو ڕستە یان هێمان، وەکو ڕێبەرێك یارمەتی خوێنەر دەدات لە دۆزینەوەی واتا شاراوەکانی دەق و بۆی دەبێتە ناسنامەیەکی تاهەتایی).

**2.1 پێگەی ناونیشان وەك یەکەیەکی دەق :**

ناونیشان وەك بێرایی دەقی هاوسەنگ؛ لەنێو پێکهاتەی دەقە دەوردەرەکانە. کە گرنگییەکی زۆریان لە شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی بە گشتی و دەقی شیعری بە تایبەتی لە خۆگرتووە. هەروەکو (جیرار جینیت) لە دابەشکارییەکەیدا ، دەقە هاوسەنگەکان وەك بەشێك لە پێکهاتەی باڵابوونی دەق دەخاتەڕوو.

یەکێك لەو بوارانەی، توێژینەوە سیمیۆلۆژییەکانی ئەمڕۆ گرنگی پێدەدەن، دەقە هاوسەنگەکانن. کە دەقە هاوسەنگەکانی کردووە بە کەرەستەیەکی چالاك و کاریگەری دەستی ڕەخنەگر بۆ دۆزینەوەی واتا شاراوەو پەنهانەکانی دەق. واتە ( دەقی هاوسەنگ لە هەموو ڕەوشێکدا؛ خزمەتی دەقی سەرەکی دەکات){حلیفی:1992: 82}.لێرەدە، بە مەرامی زیاتر ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەمان ئاماژە بە هەردوو جۆری دەقی هاوسەنگ دەدەین، کە (جیرار جینیت) لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا دابەشیکردوون:




**أ.** **دەقی هاوسەنگی ناوەكی :**

ئەم جۆرە ؛ بریتییە لە بێراییەكانی دەوروبەری دەقە سەرەكییەكان. واتە ( تەواوی ئەو ڕەگەزانە دەگرێتەوە كە بە شێوەیەكی ڕستەوخۆ بە دەقەوە گرێدراون){حمداوی:2006:ص222}، كە هەریەكە لە ( ناونیشانەكان، پێشەكی، دەروازە، پەراوێزەكان، شوێن و ڕێكەوتی نوسینە مەتن، وێنەو ئایكۆنەكان، سەرنج و تێبینییەكانی نوسەر یان دەزگای بڵاوكردنەوە و كۆپی دەستنووس دەگرێتەوە. لە نێویشیاندا، ناونیشان گرنگترین ڕەگەزە كە دەقی هاوسەنگ دەیگرێتە خۆی.

**ب.** **دەقی هاوسەنگی دەرەكی :**

دەقی هاوسەنگی دەرەكی؛ هەموو ئەو گوتارە دەرەكییانە دەگرێتەوە، كە پەیوەستن بە بەرهەمەكەو لەبارەی ئەوەوە دەدوێن ، بەڵام لە دەرەوەی چوارچێوەی كارە ئەدەبییەكەن ، واتە دوای بڵاوبوونەوەی بەرهەمەكە بەرهەمر هاتوون. وەك ( پرسیارو وەڵامدانەوەكان، نامەی تایبەت و كۆمێنت){حلیفی:1992:ص82}. كەواتە ، بۆ دەستنیشانكردنی پێگەی ناونیشان وەك یەكەیەكی دەق لەناو فرە دەقیدا، دەكەوێتە ناو دەقی هاوسەنگ ، لەناو دەقی هاوسەنگیش؛ دەكەوێتە ناو جۆری یەكەمر، كە (دەقی هاوسەنگی ناوەكی)یە. هەروەك لەمر هێڵكارییەدا دیارە.

دەقی هاوسەنگ

دەقی هاوسەنگی ناوەکی                    دەقی هاوسەنگی دەرەکی

(ناونیشانی لەگەڵدایە)

هێڵکاری ژمارە (2)

لێرەدا توانیمان شوێنی ناونیشان لەناو فرە دەقیدا دیاریبکەین، کە پێگەیەکی بەهێزی لەناو دەقی هاوسەنگدا هەیە، لە پێناو دۆزینەوەی واتای دەق. لەلای ڕەخنەگری فرەنسی( جیرار جینیت)، ( دەقی هاوسەنگ ناسنامە بە دەقی سەرەکی دەبەخشێت){حسین:2007: 350}.بە واتایەکی دیکە، دەقی هاوسەنگ جەخت لەسەر ناوەڕۆکی دەق دەکاتەوەو لە پێناوی ئەودا دێتە پێشکەشکردن. ئەمە سەرەڕای خاوەنی چەندین ئەرکی ( دەلالی ، ئیستاتیکی ، پراگماتیکی)یە{حمداوی:2006: 221}.

**3.1 هەڵبژاردنی ناونیشان و خاسیەتەکانی :**

لە گۆڕەپانی زانستیدا ؛ هەر زانستێك کە لە دایك دەبێت ، ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو پێش دەچێت و گەشە دەکات. زانستی ناونیشانیش وەك هەر زانستێکی دی لە بواری رەخنەی ئەدەبی هاوچەرخداجێگەی خۆی گرتووەو بووە بە یەکێك لە زانستە سەرەکییەکانی ئەم بوارە. ئەگەر لە پێشدا، ناونیشان وەك ڕەگەزێکی بچوکی سەری دەق مامەڵەی لەگەڵدا کرابێت، ئەوا لە ئێستادا وەکو زانستێك گفتوگۆی لە بارەوە دەکرێت. چونکە ( یەکەمین شتە کە دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەرو ڕۆڵێکی مەزن دەبینێت لە وروژاندنی هەستی وەرگر بەرامبەر بە دەقی سەرەکی . یان بە سەرەتاوە خوێنەر خۆی بەرامبەر دەقێکی بچوکراوە دەبینێتەوە، کە هەموو خەسڵەت و سیما گشتییەکانی دەقی تێدایە){حسن:2004: 49}.

هەڵبژاردنی ناونیشان شتێکی وا ئاسان و هەڕەمەکی نییە. زۆرجار دۆزینەوەی ناونیشان، نوسەرەکە ماندوو دەکات و بە ئاسانی نایەتە بەر دەست. ( جاری وایش هەیە ناونیشان لە ڕووکاردا دووردەکەوێتەوە لە مەتن و لەوانەشە تەشویشێك بخاتە ناو بیرۆکەی دەق){ئەسوەد:2006 :78}. ئەم کارەش لە هەندێ لە ڕۆمانی نوێی فرەنسی بەرچاو دەکەوێت.

لە دانانی ناونیشاندا، زۆرجار نوسەر هەوڵی هەڵبژاردنی (ناونیشانێکی تەئویلی) دەدات نەوەك (ناونیشانێکی جوان)، چونکە ( لە لێکۆڵینەوەو نوسینە ڕەخنەییەکاندا زیاتر بایەخ بە ناونیشانی تەئویلی و ناونیشانی نامۆ دەدرێ){ئەسوەد:2006: 78}. ئەگەرچی ناونیشانی جوانیش ؛ ڕۆڵی هەیە لە ڕاکێشانی خوێنەر و دەنگی دەقەکە بەرز دەکاتەوە. ئەمەش بە مانای ئەوە نایەت، ئەگەر دەقێك ناونیشانەکەی جوان و ئیستاتیك بوو بەڵام ناوەڕۆکەکەی لاواز، ئیتر ئەو دەقە زوو دەڕواتە ناو خوێنەران و دەبێتە جێگەی سەرنج. بەڵکو ئەم بۆچوونە بۆ ئەم دەقانە ڕاستە، کە لەگەڵ ئەوەی ناونیشانێکی جوانیان هەیە ، ناوەڕۆکەکەشیان لە ئاستێکی بەرزدایە.

هەندێ جاریش ؛ نوسەر ناونیشانێکی هەڕەمەکی هەڵدەبژێرێت. بەڵام مەرجیش نییە، کە ئەم ناونیشانە هەڕەمەکییە نەتوانێت تیشك و ڕەونەق بە دەقەکە ببەخشێت.

لە دانانی ناونیشاندا؛ هەڵبژاردنی ناوی کەسایەتییەك یان پاڵەوانێك، مەرج نییە بە خراپی و لەنگییەك بەسەر پرۆسەی ( ناونیشان وەك زاراوەیەکی ڕەخنەیی) بشکێتەوە. چونکە هەندێجار گوێبیست بوونی ناونیشان، تەواوی ناوەڕۆکی دەقمان بیردەخاتەوە.

ناونیشانی واشمان هەیە، کە ئاماژە بە ڕووداوێکی مێژوویی دەکات، یان لە دەلالەت لە فکرێکی فەلسەفی دەکات ، یاخود لە ڕێگەی ناونیشانێکی نامۆوە فیکرو ڕوانینی تایبەتی نوسەر دەبینین. هەندێجاریش ، شوێن یان کاتێکی دیاری کراو و (زەمەن) دەبن بە ناونیشانی دەق. ئەوەی گرنگە لە هەلبژاردنی ناونیشان؛ پێویستە گوزارشت لە ناوەڕۆکی بەرهەم بکات یان لە دەوری بەرهەم بخولێتەوەو لێی دوورنەکەوێتەوە.هەروەها نوسەر ئەو تەکنیکانە لەبەرچاو بگرێت، کە لەکاتی نوسینی ناونیشاندا پێویستن. بەشێوەیەك ، ناونیشانەکە سەنگی هەبێ و بتوانێ خوێنەر بۆ بەرهەمەکە ڕابکیشێت، دەقەکە بکاتە بەرهەمێکی زیندوو. چونکە

زیندوو مانەوەی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی،گرێدراوی ناونیشانەکەیەتی. مەبەست لە هەڵبژاردنی ناونیش، یارمەتیدانی خوێنەرە لە دەرخستنی (ثیمە)ی دەق یان هەر خۆیان دەبن بە (ثیمە)یەکی کورت و چڕکراوە. چونکە ناونیشان خۆی وەك دەقێکی جیا نمایش دەکات، کە هەڵگری واتایە شاراوەکانی دەقی سەرەکییە. هەر بۆیەش بووەتە جێگەی گرنگی و بایەخ پێدانی پسپۆڕو ڕەخنەگرانی ئەدەبی. هەر لەلای ئەمانیشەوە چەندین خەسڵەت و تایبەتمەندی بۆ دیاریکراوە. ئەم خەسڵەتانەش جیای دەکەنەوە لەهەر زانستێکی دی . بە لەبەرچاوگرتنیان دەتوانین ناونیشانێکی بەهێزو بەپێز بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکان هەڵبژێرین. لە خوارەوە ئاماژە بە خاسیەتەکانی ناونیشان دەدەین :

1. ناونیشان کەوتبێتە ژێر کاریگەری مەبەستێکی ( ئایدۆلۆژی، ئیستاتیکی).
2. چڕکردنەوەی واتا لە چەند وشەیەکدا ، واتە (کورتی و ڕوونی).
3. کورتکردنەوەیەکی پێشوەختە.
4. نە زۆر کورت و نە زۆر درێژ بێت، گرێدراوی ناوەڕۆك بێت لە چوارچێوەی دەقدا.
5. بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ، گرێدانی ناونیشان بە ناوەڕۆکی دەقەوە.
6. لە باوەشگرتنی کاروبەرهەمی ئەدەبی، بە واتاو ئامانج و مەبەستەکانیانەوە.
7. ئاماژەکردنێکی خوازەیی و ڕەمزی { الضوی:2009: انترنیت}.
8. وروژاندن و ڕاکێشانی خوێنەر.
9. ناونیشان وەك دەقێکی بچوککراوەیە {الماضی:انترنیت}.

**گرنگی ناونیشان :**

سەبارەت بە گرنگی ناونیشان؛ لەو ئایەتەی قورئانی پیرۆزەوە بۆ بابەتەکە دەچین،کە ئاماژەیەکە بۆ ناودانان،هەروەك خودای گەورە دەفەرموێت: ( وعلم ادم الاسماء كلها) واتە، (ئادەممان فێری هەموو ناوەکان کرد){البقرة:ئایەتی31}.

ئەم ئایەتە سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێت،(کە دەبێت ناوەکان بزانین تاوەکو لە ماناکانیان حاڵی بین){حەسەن:2009: 43}.بە واتایەکی دیکە، هەموو ناوێك بەرگێکی پێویستە، بۆیە ناونیشان بەهاو گرنگییەکی گەورەی لە ناساندنی ناوەڕۆکدا هەیە.

لە بواری ئەدەبیشدا؛ ناونیشان پێکهاتەی دیواری دەقەو هەوڵێکە بۆ فراوانکردنی ناساندنی ڕووبەری دەق. لەگەڵ ئەوەشدا لەبار نییە ناونیشان بەتەواوەتی گەیەنەری مانای بنیادی دەقەکە بێت و تەواوی ئاماژەکانی دەق لەسەردێرەکەیدا کۆبکرێنەوە، چونکە لە ناوەخنی ناونیشانی ئەدەبی لە تەمتومانیدا جوانە.

لە ئێستادا، ناونیشان بە یەکێك لە گرنگترین ڕەگەزو بنەماکانی بەرهەمی هاوچەرخ دادەنرێت، بەجۆرێك هیچ دەقێك ناتوانێت بێ ناونیشان بێت، مەگەر نوسەر بەمەبەست ئەم کارە بکات، کە دواجار ئەمیش پێویستی بە لێکدانەوەی سیمیۆلۆژییانە هەیە.

نوسەر مامەڵەیەکی تایبەت لەگەڵ ناونیشاندا دەکات، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی هونەری پێشکەشی خوێنەری بکات. چونکە (ناونیشان پاڵپشتێکی بەهێزی هەڵوەشاندنەوەی دەق و لێکدانەوەیەتی،کە زانیارییەکی گەورەمان لەسەر گونجاندنی دەق و تێگەیشتن لە ئاڵۆزییەکانی پێدەبەخشێت){الغذامی:1987: 110}. کەواتە، ناونیشان ڕۆڵی ڕاکێشان و یارمەتیدانی خوێنەر دەبینێت لە ئاست تێگەیشتنی واتا نادیارەکانی دەق. بۆیە لە لایەنی ئابوریشدا گرنگی خۆی هەیە، چونکە زۆر ناونیشان هەن خوینەر لە دەق دووردەخەنەوە، بەو هۆکارەی ؛ خوێنەر بەر لە هەموو شتێك سەیری ناونیشان دەکات، بۆیە ناونیشان ڕۆڵی دەقێکی بچوککراوە دەبینێت لەناو کۆمەڵێ هێمای لەخۆی گەورەتردا. دواجار وەك ناسنامەی دەق وێنەو فەزایەك بە وەرگر دەبەخشێت ، کە ڕۆڵێ لە چێژپێگەیاندنیدا هەیە.

(بەختیار عەلی) دەڵێت: ( ناو لای من بایەخێکی زۆر گەورەی هەیە، بەشێکی زۆر گەورەی نوسین لەناودا کۆدەبێتەوە ، ناو کلیلی ئیشەکانە){لەتیف: 1399: 77}. کەواتە ناونیشان وەك کرۆکی ناوەندیی دەق دەردەکەوێت،بۆیە بایەخدانی سیمیۆلۆژییەکان بە ناونیشان نە لەخۆوەیە نە لەڕێگەی ڕێکەوتەوەیە ، بەڵکو (ناونیشان پێویستییەکی نوسینە){الجزار:1998: 15}.

گرنگییەکی دیکەی ناونیشان بەهۆی ئەو پێوەندییە چڕەوەیە کە لەگەڵ دەقی ئەدەبیدا هەیەتی،بە تایبەتی شیعر. بەشێوەیەك ، ئەم پێوەندییە وایکردووە ، کە دەق لە تاك خوێندنەوەیی دووربخاتەوە. بەو مانایەی لەگەڵ هەر لێکدانەوەو دۆزینەوەی هەر دەلالەتێکی زیاتری ناونیشان ، خوێندنەوەی تازەو جیاوازتر بۆ دەق بکرێت. چونکە ( هەموو خوێندنەوەو هەوڵدانێك بۆ دۆزینەوەی کۆدەکانی دەق،پێوستە لە ناونیشانەوە دەستپێبکات){عەلی:2013: 190}.کەواتە، بۆ گۆڕینی واتای هەریەك لە پێکهاتەکانی دەق، گۆڕان لە پێکهاتەی دەلالی ناونیشانەکە ڕوودەدات، ئەم گۆڕانکارییەش دەق بەرەو خوێندنەوەی جیاوازتر ئاراستە دەکات کە لە

بەرهەمهێنانی واتاو دەلالەتەكاندا ، هاوكارێكی كارای خوێنەرە، بۆیە توێژینەوەی سیمیۆلۆژیش ( یەكەم بێرایی كە دەستی بۆ بات ، خوێندنەوەی ناونیشانە){الحمداوی:1997: 97}.

سەرەڕای ئەوەی كە ناونیشان ، ڕەگەزێكی گرنگی ئەدەبییە و بۆ ناساندنی دەق پێویستەو لە ونبوون و تێكەڵاوی دەیپارێزێت، ئەڵقەیەكی گرنگی بەیەكەوەبەستانەوەی پێوەندی نێوان (نوسەر،دەق،وەرگر)ە. سەبارەت بە نوسەر ، ناونیشان دەرهاویشتەی ئەزموون و مەعریفەیەتی. كە وەرگر لە ڕێگەیەوە بەناو دەقدا شۆڕدەبێتەوە، بۆیە ئەگەر ( نوسەر داهێنەری ناونیشان بێت، ناونیشانیش ببێ بە سەری دەق و دەرخەری ناوەڕۆكی دەق، بۆ خوێنەریش دەبێتە یەكەم خاڵی ڕووبەڕووبوونەوە، كە ئەمەش گرنگی ناهونیشانە بۆ هەریەك لە نوسەرە دەق و خوێنەر){ئەمین:2016: 100}. بۆیە ناتوانین دەق بەبێ ناونیشان بخوێنینەوە، چونكە ڕەنگە خوێندنەوەكەمان كورتی بهێنێت یان لاسەنگ بێت.واتە ، پێوەندی ناونیشان و دەق لەناو كۆی پێوەندییەكانی دی ڕەگەزەكانی هەر دەقێكی ئەدەبی ، دەتوانێت پێوەندییەكانی دی لەناو بنیادی دەق ڕێكبخات، ئینجا بایەخ و گرنگی ناونیشان لە پێوەندیدا بە ڕەگەزەكانی دیكەوە زیاتر دەردەكەوێت.

**2. پۆلێنكردنی ناونیشان،جۆرو ئەركی ناونیشان**

**1.2پۆلێنكردنی ناونیشان لە شیعرەكانی (شێركۆ بێكەس)دا**

پۆلێنكردن و دیاریكردنی ناونیشانەكان كارێكی ئاسان نییە، ناونیشان بوونێكی بزۆكی هەیە، هەر نیشانەیەك بۆخۆی خاوەن بنیادێكەو بۆتەیەكی تایبەت بەخۆی هەیە. لە ڕوانگەی پێوەندی دەلالیی ناونیشان بە دەق ، ناونیشانەكانی شیعری شێركۆ بێكەس هەندێكیان ناونیشانی سادەن ، مەبەستیشمان لە دەستەواژەی سادەی كەم بایەخی ناونیشانەكان نییە، بەڵكو مەبەست شێوازی هەڵبژاردنی ناونیشانەكانە، كە ئاسان و ساكارن. ناونیشانە سادەكان ئەو ناونیشانانە دەگرێتەوە كە دەقەكانیان تێدا ڕەنگنادەتەوە، مەبەستی نوسەریش لەم ناونانە یارمەتیدانی خوێنەرە لە ناسینەوەی دەق.

بەشێوەیەكی گشتی ئەم جۆرە ناونیشانانە (لە بواری ئەدەبیدا زۆر بەكارناهێنرێن، چونكە هەوڵی پێشكەشكردن و دەرخستنی دەق دەدەن نەوەك نەوەك باسكردنی ناوەڕۆك{)حلیمی:1995:81}. هەرچەندە ناونیشان وەك ناسنامەی دەق كەرەستەیەكی گرنگە بۆ هەڵوەشاندنەوەو خوێندنەوەی دەق. ئەم جۆرە ناونیشانە وەك ناولێنانی مرۆڤە، هەروەك چۆن مرۆڤ دوای لەدایكبوونی ناودەنرێت،ڕەنگە ناوەكەش واتای ناوەڕۆك و هەڵسوكەوتی مرۆڤەكە نەگەیەنێ. ئەمە سەرەڕای ( ناونیشان پێوەندی بە خوێنەوەشەوە هەیەو خوێندنەوەش پێوەندی بە هێرمۆنیتیكاوە هەیە. لەنێو تیۆرە جیاوازەكانی خوێندنەوەو بایەخدان بە خوێنەر ، ناونیشانیش شوێنێك دەگرێ و ڕۆڵێك دەگێڕێ) { ئەسوەد:2006:64}.

بەشێوەیەكی گشتی ناونیشانە سادەكان كورتن، لە وشەیەك یان دەستەواژەیەك پێكدێن. بەشێوەیەكی بابەتیانەی تاكڕەهەندی ئەركی ئاماژەییان ڕادەپەڕێنن.نموونەی ئەم جۆرە ناونیشانەش لای شێركۆ بێكەس، لە شیعرەكانی (هەڵەبجە)،(هەرەس)،(شەهید)......هتد، بەشێوەیەكی ئاشكراو ڕوون بەرچاو دەكەون، كە شاعیر لە هەڵبژاردنی ئەم جۆرە ناونیشانانەدا پەنا بۆ دێڕی یەكەمی شیعرەكە دەبات. گەر سەرنج بدەین لە شیعری (شەهید)دا دەڵێت:

شەهید: نەمرە وەكو شاخ

وەكو بەفر، وەكو درەخت

وەكو بەهارو گوڵەباخ

شەهید ئاوە

تێنوێتی زەوی دەشكێنێ

شەهید باڵای

بەقەد باڵای كوردستانە.(بەرگی دووەم:295:2006)

بەشێكی دیكەی ناونیشان، كە پشكی شێریان لە شیعرەكانی (شێركۆ بێكەس)دا بەردەكەوێت ناونیششانی ناسادەن، كە ناونیشانی دەلالیی یان بابەتیشی پێدەڵێن.شاعیر بەشێوەیەك ناونیشانەكان هەڵدەبژێرێت ، كە چڕكراوەی پەیامی دەق بن، لەپێناو ئەو مەبەستەی، كە خوینەر بەرەو مەبەستێكی تایبەت ئاراستە بكات. لە هەڵبژاردنی ئەم جۆرە ناونیشانە ، شاعیر بەچەندین شێوازو لەچەندین دەروازەوە هەوڵی چوونە نێو ناوەڕۆكی دەق دەدات ، بەم شێوەیە :

ڕێگای یەكەم / بەشێوازێكی زۆر ئاشكراو ڕوون ، ڕاستەوخۆ ناونیشانێكی لێهەڵدەهێنجێت و ئاماژە بە بابەتی دەق دەكات، (بەشێوەیەكی گشتی پوختەی كارە ئەدەبییەكە لە گۆشەنیگای نوسەرەوە دەگرێتە خۆ){حلیمی:79:2000}.واتە، شاعیر بۆئەوەی مەبەست و ئامانجی خۆی وەك پەیام ئاراستەی خوێنەر بكات، لەنێو كۆمەڵێك نیشانەی بەهێز نیشانەیەك هەڵدەبژێرێت، كە

دەلالەت لە گۆشەنیگای خۆی بکات، بۆ گەیاندنی ئەم مەبەستەش، ئەو ناوانە هەڵدەبژێرێت کە چەقی دەقیان گرتووە. لە شیعری (خەم)دا ، شاعیر دەڵێت:

مانگی نەورۆز سکی پربوو بە ئاگرێ
کە ئاگر بوو (با) ڕایژەندو
کە گەورەبوو چیا خواستی و
شەویان لێبوو
وەختێ شەویش باڵای کردوو
بوو بە شانزە
گریان خواستی و هەر ئەو ڕۆژە
سەعات یانزە
یانزە : یانزە
خەمێکیان بوو
قژ ڕەش ، چاو ڕەش
گەورە : گەورە

ئەوەندەی شاری هەڵەبجە (بەرگی دووەم : 2006 : 688)

لەم شیعرەدا، ناونیشان کە نیشانەی (خەم) ە ، بێ پێچ و پەنا خوینەر ئاراستەی بابەتی دەق دەکات، شاعیر لە نێو کۆمەڵێك نیشانەدا ، (خەم) ی هەڵبژاردووەو کردوویەتی بەچەقی قورسایی بابەتی پەیامەکەی. ئەگەر هەر نیشانەیەکی دیکەی وەك (نەورۆز) یان (هەڵەبجە)ی هەڵبژاردبوایە، ئەوا سەرنجی ئێمەی خوێنەریش بۆ بابەتەکە دەگۆڕا.هەڵبژاردنی ئەم جۆرە لە ناونیشان ، شۆڕبوونەوەی شاعیرە بۆ قوڵایی دەق، لەوێوە نیشانەیەکی بزێو هەڵدەبژیرێ کە هەڵگری کۆمەڵێك دەلالەتە.

ڕێگای دووەم / پشت بەستنی شاعیر بە زمانی خوازەیی، کە ناونیشان لە شێوەی ڕەمز دەردەکەوێت و بەرکاری ڕاستەقینەی ڕووداوی بابەتی شیعرەکە نییە. بۆ نموونە، شێرکۆ بێکەس لە شیعری ( پەڕەسێلکەیەك)دا دەڵێت:

هەفتەیەکە
ڕووت و قووت هەڵیانواسیوە
چاوی ئاوساو، سەری کەوتۆتە سەر شانی
ئەو دڵە بچکۆلانەیە
سەعاتێکی جەڕەسدارە
هەتاکو ژان قوڕمیشکات
ئەو زەنگێکی خەبەردارە.
ڕووت و قووت هەڵینواسیوە
ئەو نهێنییانەی لولای بوو
بەستییە باڵی پەرەسێلکەی دڵی و
دڵیش بەرەو ئەو شاخانە هەڵفڕیوە. (کەشکۆڵی پێشمەرگە:36:2013)

شاعیر بابەتی نیشانەی (پەڕەسێلکە)ی لە شێوەی ڕەمزدا کردۆتە ناونیشانی بابەتی دەقەکە، لەهەمان کاتدا نیشانەکە لە قورسایی (پێشمەرگە)ی ، وەك ڕەمزی گیان فیدایی و خۆڕاگری کەم نەکردۆتەوە. بەڵکو بە پێچەوانەوە بە هۆی هێشتنەوەی ناوی پێشمەرگە بە پەنهانی ، نواندنی دەلالیی ناونیشانەکە بەهێزتر بووە .

ڕێگای سێیەم / شاعیر لە هەڵبژاردنی ناونیشاندا ، ڕوو دەکاتە بە کارهێنانی دژە دەلالەت، واتە پێوەندی نێوان ناونیشان لە ناو خۆیدا ( ناونیشان –ناونیشان )، لەلایەکی دیکەشەوە پێوەندی ناونیشان لەگەڵ دەقدا، پێوەندییەکی پێچەوانەیە.شێرکۆ بێکەس لە هەڵبژاردنی چەندین ناونیشانی وەك ( شایی شەهید)،(من تاوینوێتیم بە گڕ دەشکێ)،(جوانە دڕندەکە)......هتد.ئەم شێوازەی بەکارهێناوە، هەروەك لە شیعری (زیندووی، مردوو)دا ، دەڵێت :

دوو هەزارو پێنج سەد ساڵە
مێژوو ئەڵێ لە دایك بووین

دوو هەزارو پێنج سەد ساڵە

زرپ و زیندووین

بەڵام هێشتا باوێشك ئەدەین

هێشتا نوستووین.

لەو کاتەوە ، چەك هەڵگرتووین

بەڵام هێشتا سەرنەکەوتوین

کەچی ئەڵێین :

هەر سەرکەوتووین

ئەڵێین : ئێمە هەر نەمردووین. (بەرگی یەكەم : 2009 : 205 )

هەروەك ئاشكرایە، كە شاعیر لە هەڵبژاردنی ناونیشاندا دوو دەلالەتی دژ بەیەك و پێچەوانەی لەگەڵ یەكتردا كۆكردۆتەوە ، كە ( زیندوو) و ( مردووین)ە، هەردوكیشیان لەگەڵ دەلالەتەكانی ناو دەق ڕووبەڕووی یەكتر دەبنەوەو كار لەسەر ڕەتكردنەوەی یەكتر دەكەن. واتە ، هەرچەندە لەسەرەتا شاعیر لە ڕێگەی ناونیشانەوە بەرەو دۆزینەوەی دەلالەتەكانی پانتایی دەق ئاراستەمان دەكات، بەڵام لە نێو دەقدا دووچاری دەلالەتگەلێكی پێچەوانە دەبینەوە.

**2.2جۆرەكانی ناونیشان لە شیعرەكانی ( شێركۆ بێكەس )دا**

جیا لەو پۆلێنكردنەی پێشوتر، لێرەدا مەبەستمانە چەند جۆرێكی جیاوازی ناونیشان، كە لە دیوانەكانی (شێركۆ بێكەس)دا بوونیان هەیە بخەینەڕوو. هەوڵ دەدەین بە نموونە ڕوونیان بكەینەوە:

**1.2.2 ناونیشانەكانی دەرەوە :**

ناونیشانی دەرەوە ، هەموو ئەو ناونیشانانە دەگرێتەوە ، كە دەكەونە سەر هەردوو بەرگی پێشەوەو دواوەی دیوان، بە فۆنت و قەبارەو ڕەنگ و شێوازی جیاواز دەخرێنەڕوو. ئەم ناونیشانانەش بەم چەند شێوەیەی خوارەوە دەخرێنەڕوو :

**1.1.2.2 ناونیشانی دیوان** :بە شێوازێكی هونەری و لە شێوەی ئایكۆنی نوسین و بە فۆنت و قەبارەی جیاواز دەخرێنەڕوو، كە لێرەدا ئاماژە بە هەندێك لە ناونیشانەكانی شاعیر دەكەین،وەك :

تریفەی هەڵبەست.

كازیوە.

كەژاوەی گریان.

ڕەنگاڵە.

شایی شەهید.

من تویئوێتیم بە گڕ دەشكێ.

كەشكۆڵی پێشمەرگە.

ڕەنگدان.

كورسی.

ئێستا كچێك نیشتمانمە.

هەست و نەست.

**2.1.2.2 ناونیشانی ڕەگەز** :لێرەدا، مەبەستمان لە دیاریكردنی ڕەگەزی ئەدەبییە. (شێركۆ بێكەس) لە هەر دیوانێكیدا پێویستی كردبێ زۆر بە ڕوونی و بەئاشكرا ئاماژەی بەو ڕەگەزانە كردووە كە كەوتوونەتە دوو توێی ناو بەرهەمەكەیەوە، هەروەكو لە (كورسی)دا، كە دەقێكی واڵایە، دەڵێت : ( خوێنەری هێژا ، بەرلەوەی ئەم تێكسنە واڵایە بخوێنیتەوە ، بە پێویستم زانی لەوە ئاگادارتبكەمەوە كە لەم بەرهەمە تازەیەمدا ویستووە لە یەك كاتدا شیعرو چیرۆك و پەخشان و شانۆنامە، هەریەكەو بە خاسیەتە دیارەكانی خۆیانەوە، لەگەڵ یەكتردا كۆبكەمەوە){كورسی:2005}.

**3.1.2.2 ناونیشانی وەرگێڕدراو :** ئەم ناونیشانە بریتییە لە وەرگێڕانی ناونیشانی دیوان بۆ سەر زمانێكی دیكە، دەكەوێتە سەر بەرگی دواوەی دیوانەكە. ئەم جۆرەی ناونیشان لای شیركۆ بێكەس، بە هۆی بارودۆخی ڕامیاری و بوونی سانسۆر لەسەر دەزگاكانی چاپ و بڵاوكردنەوە، بەپێی قۆناغەكان گۆڕانی بەسەرداهاتووە.

**4.1.2.2 ناونیشانی هەڵواسراو**:ئەم جۆرەی ناونیشان بۆ یارمەتیدانی خوێنەرە، بۆ ناسینەوەی دیوان لە نێو ڕیزی كۆمەڵە كتێبێكی دیكەی سەر ڕەفەی نێو كتێبخانەدا. بە پێی ئەستوری دیوانەكە، بەشێوەیەكی هەڵواسراو دەكەوێتە نێو پانتایی هەردوو بەرگی كتێبەكەوە. ناونیشانی هەڵواسراو لە هەموو دیوانەكانی (شێركۆ بێكەس) دا، بەرچاو دەكەوێت.

**2.2.2 ناونیشانەكانی ناوەوە :**ناونیشانەكانی ناوەوە، ئەو جۆرە ناونیشانانە دەگرێتەوە ، كە دەكەونە نێوان هەردوو بەرگی كتێبەكەوە. لە دیوانەكانی شێركۆدا بە چەندین شێوازی جیاواز دەركەوتوون. بەم شێوەیە:

**1.2.2.2 ناونیشانی قەڵپ:** جێگای ئەم جۆرە ناونیشانە (لە نێوان بەرگ و لاپەڕەكانی ناوەوەدایە){حمداوی: 2008 :149}. هەمان ناونیشانی سەرەكی دیوانە،كە دووبارە دەنوسرێتەوە.(لەكاتی ونبوونی بەرگی كتێب ، شوێنی ناونیشانی سەرەكی دەگرێتەوە){شقروش:270:2000}.ئەوەی لە ناونیشانی سەر بەرگی جیادەكاتەوە ، نیشانەو وێنەكانی سەر بەرگی لەگەڵدا نییە و زۆر جاریش بەهەمان فۆنت و قەبارەو شێوازی نوسین نییە. هەروەها ئەو بەها هونەری و سەرنجڕاكێشییەی لە ناونیشانی سەر بەرگی دیواندا هەیە ، لەم جۆرە ناونیشانەدا بەدیناكرێت. لە دیوانەكانی شێركۆ بێكەس دا، ئەم جۆرەی ناونیشان بە شێوەیەكی بەرچاو گرنگیان پێدراوە، بەلام هەموویان یەك شێوازاو شێوەیان نییە. ئەمەش زۆرجار لەدەست خودی شاعیردا نییەو پەیوەستە بە دەزگاو لایەنی بڵاوكەرەوەی بەرهەمەكە. هەندێجار بە شێوەیەكی باو، لە لاپەڕەی دوای بەرگ ناونیشانی دیوانەكە دووبارە كراوەتەوە ، بەهەمان فۆنت و شێوە یان بە شێوەیەكی جیاوازتر، هەندێجاری دیكەش ناونیشانی قەڵپ لە دوو لاپەڕەی یەك لەدوای یەكی دوای بەرگ بەدوای یەكدا دێن، لە دووبارە نوسینەوەشدا هەندێكیان ناوی شاعیر یان ڕەگەزی بەرهەمەكەی لەگەڵدا دەبێت.

**2.2.2.2 ناونیشانی فۆڕمی:** ئەم جۆرە ناونیشانە دەكەوێتە دیوی ناوەوەی لاپەڕەی ناونیشانی قەلپ،لەگەڵ ئەم زانیارییانەش بەیەكەوە دێن،(ناوی نوسەر،دەزگای چاپ،نۆرەی چاپخانەو پیت چنین،دیزاین،تیراژ،ژمارەی سپاردن). ناونیشانی فۆرمی لە بەرهەمی (شێركۆ بیكەس) و بەشی زۆری شاعیرانی دیكەشدا دەردەكەوێت.

**3.2.2.2 ناونیشانی لاپەڕەیی:** بەشی سەرەوەی یان خوارەوەی لای ڕاست یان لای چەپی لاپەرەكانی دیوان، ئەم جۆرەی ناونیشان لە خۆ دەگرێت. ناونیشانی سەرەكی دیوانە، زۆرجار ناوی نوسەریشی لەگەڵدا دەبێت. لە هەموو ئەو لاپەڕانەشدا دووبارە دەبێتەوە، كە دەقەكانی تێدا نوسراوە. ئەم جۆرە ناونیشانە لەكاتی پەڕپەڕبەوونی دیوانەكە یان لەكاتی كۆپیكردنی چەند لاپەڕەیەكدا، پارێزگاری لە ناوی دیوان و دانەرەكەی دەكات. لە دیوانەكانی (شێركۆ بێكەس)دا، ئەم ناونیشانە پەیڕەوی لێكراوە.

**4.2.2.2 ناونیشانی بەش:** زۆر جار لەسەر بەرگی كتێبێك یان دیوانێك ناونیشانێك دەبینین، كە دەبێتە ناونیشانێكی گشتگیر بۆ دیوانەكە. دیوانەكەش بەش بەش كراوەو هەر بەشیك كۆمەڵێك ناونیشنی دیكە لەخۆ دەگرێت، ئەم ناونیشانانەش لە نێو دیواندا نوێنەرایەتی كۆمەڵێك ناونیشانی دیكە دەكەن. لە بەرهەمەكانی (شێركۆ بێكەس) دا ، ئەم جۆرەی ناونیشان لە بەشێكی دیوانەكانی بەرچاو دەكەوێت. بۆ نموونە ، لە دیوانی (ئێوە.. بە خۆشەویستیم ئەسپێرن) ، بەهۆی ناونیشانە بەشییەكانەوە دیوانەكە بەسەر دوو بەشدا دابەشكراوە، هەر بەشێكیش كۆمەڵێك ناونیشانی دیكە لەخۆ دەگرێت. بەم شێوەیە :

– ڕێگا درێژەكان 7 ناونیشان

– فلاشەكان 5 ناونیشان (بەرگی شەشەم:2006: 113)

**5.2.2.2 ناونیشانی دەق:** هەموو ئەو ناونیشانانە دەگرێتەوە ، كە ناو لە دەق دەنێن و دەقیان پێدەناسریتەوە. ئەم نوێنەرایەتی كردنەش لە شیعرەكانی شێركۆ بێكەسدا بە دووشێوازی جیا دەركەوتوون، بەم شێوەیە:

أ- ناونیشانی ڕاستەقینە : هەموو ئەو ناونیشانانە دەگرێتەوە ، كە دەبن بە سەری دەق و دەقەكە دەخەنەڕوو، واتە ( ناونیشانێكی سەرەكییە، دەبێتە ناسنامەی دەق){شقروش:270:2000}. لە دیوانەكانی شاعیری ناوبراو، ژمارەی ئەم جۆرە ناونیشانە گەلێك زۆرن و لێرەدا شوێنی ژماردنیان نابێتەوە. بۆ نموونە ، (گەردەلوول)،(میوان)،(ڕووبار)،(مزگێنی)،(خەنجەر)،(چریكە)،(ئاوێنە)،(لوتكە)،(مار)....هتد.

ب- ناونیشانی كەرتی : ئەم جۆرە ناونیشانانەدەگرێتەوە، كە لە شێوەی ژمارەیی یان ئەستێرەییدان، دەكەونە ژێر چەتری یەك ناونیشانی ڕاستەقینە،بەشێكیش لەو ناونیشانە كەرتییانە بە شێوازی ئەستێرەیی و وشەو دەستەواژە دەردەكەون. لە هەندێك ناونیشانیشدا (شێركۆ بێكەس) ، ژمارەو وشەی بەیەكەوە بەكارهێناوە، هەروەك لە شیعری ( ڕابردوو لە خەونە ڕۆمانسییەكاندا) ، ناونیشانە ڕاستەقینەكەی بەسەر سێ ناونیشاندا كەرت كردووە. بەم شێوەیە :

یەکەم: دەم و چاو

لە دەم و چاوی دایکمدا: نزمە هەوریکی هەژاری،

زەردەخەنەیەکی ژاکاو ، کزەبایەکی بێوەژن،

دێن و دەچن.

لە دەمو چاوی پایزدا: جووێ باڵندەی فرمێسك و ،

پۆلێ هەناسەی زەردباوو، کۆمەڵێ گۆنەی وەریوو،

مەراقی زەردە: هەڵئەفڕن

لە بەرۆکی پایزەوە: بۆنی تەپ و نم و خۆڵی

نیوە وشك و نیوە تەڕو

بۆنی ڕەنگێکی شێدارو

بۆکڕوزی عەشقێکی تازە سوتاو دێت.

دووەم : گژەبا

لەناکاو کە دارتووی قاچ قەوی و سەرزلی حەوشەکە

خشە خشە مافوری ئەستوری خەزانی ڕائەخست.

سێهەم: مقەلی

مقەلی مسنی دەسك زەرد، چوار کۆپکەی قوللەیی

مقاشی سەر شانی و سینییەك لە ژێریا.چەند پشکۆی

لاڵ پاڵ لێکەوتووی زۆر ئاڵ و هەندێکیش نیوەیان

هێشتا ڕەش (بەرگی پێنجەم:2006: 65-67)

جێگای باسە، کە جیاوازی ئەم جۆرە ناونیشانە لەگەڵ (ناونیشانی بەش) لەوەدایە، کە ناونیشانی کەرتی لەژێر سێبەری ناونیشانە ڕاستەقینەکەدان و بەشێکن لە پێکهاتەی دەقەکە. بە شێوەیەك ، کە دەتوانین ناونیشانە ڕاستەقینەکە لە شوێنی ناونیشانە کەرتییەکان دابنێین. واتە، دەتوانین ( ڕابردوو لە خەونە ڕۆمانسییەکاندا) لە شوێنی (دەم وچاو)،(گژەبا)،(مقەلی) دابنێین. بەڵام ناونیشانە بەشییەکان هیچ پێوەندییەکیان بە ناونیشانەکانیدیکەوە نییەو دەبن بە ناونیشان دەقی سەربەخۆ لە ژێر ناونیشانێکی دیکەدا.

**6.2.2.2 ناونیشانی لاوەکی:** ئەم جۆرە لە ناونیشان لە دوای ناونیشانی سەرەکییەوە دێت، ( بەمەبەستی تەواوکردنی واتاکەی دادەنرێت) {شقروش:2000:270}. واتە، ئەم ناونیشانە واتای ناونیشانی سەرەکی ڕوونتر دەکاتەوە.( زۆربەی جار نیشاەیەك هەیە بۆ ئەوەی لێکیان جیابکاتەوە){مالکی:2003:37}. کەواتە، یارمەتیدەرێکی باشی خوێنەرە بۆ دۆزینەوەی مانا شاراوەکانی دەق و گەیشتن بە قوڵایی واتەکەی.دانانی ئەم جۆرە ناونیشانە، زیاتر لەسەر ڕووی بەرگی دیواندا پەیڕەودەکرێت، بەڵام لەلای (شێرکۆ بێکەس)، جیا لە شیعری (ئیرۆتیکا) لە شوێنی دیکەدا بەرچاو ناکەون. شاعیر لە شیعری(ئیرۆتیکا)دا سێ ناونیشانی دیکەی بۆ ناونیشانە ڕاستەقینەکە زیادکردووە، بەم شێوەیە: (ئیرۆتیکا/خلیسکان)، (ئیرۆتیکا/حەما)،(ئیرۆتیکا/گۆم).(بەرگی پێنجەم:2006: 116-118).

**7.2.2.2 ناونیشانەکانی پێرست:** بریتییە لە دووبارەکردنەوەی هەموو ئەو ناونیشانانەی دەکەونە ناو دیوانەکەوە، بەمەبەستی ئاسانکاری و دۆزینەوەی ناو و ژمارەی لاپەڕەی دەقەکان. دیوانەکانی شێرکۆ بێکەس، خاوەنی ئەم ئاسانکارییەن بۆ خوێنەر.

**8.2.2.2 ناونیشانی فەرزەندی:**مەبەست لەو جۆرە ناونیشانانەن، کە دەکەونە دوا لاپەڕەی هەر دیوانێکی تازە، کە بریتیین لە بەرهەمە چاپکراوەکانی شاعیر، لەپێناو ئاشناکردنی خوێنەر بە ئەزموون و بەرهەمەکانی پێشووی.

**3.2.2 ناونیشانی دەرەکی :**

ئەم جۆرەی ناونیشان تایبەتە بە دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە، دەکەوێتە دەرەوەی دیوانی شاعیر . ناوی نوسەرو دیوانەکەی، لەگەڵ کۆمەڵێك نوسەری دیکەی جیاواز بەیەکەوە ڕیزدەکرێن. خستنەڕووی ئەم جۆرە ناونیشانە، لە خزمەتی بەرهەمە

ئەدەبییەكەدایە، لەبەر ئەوەی زۆرجار هاتی تەنیا ناونیشانی بەرهەمێك لە بڵاوكراوەكانی دەزگایەكی چاپی سەركەوتوو، كاریگەری دەبێت لە بڕیاردان لەسەر دەوڵەمەندی ناوەڕۆكی بەرهەمەكە.

**3.2 ئەركەكانی ناونیشان لە شیعری ( شێركۆ بێكەس )دا**

زۆربەی زانایان لەسەر ئەوە هاوڕان، كە لە دەقدا پێوەندی لە نێوان نێرەرو پەیام و وەرگردا هەیە. ئەم پێوەندییانەش لەڕێگەی ئەركی ناونیشانەوە دەخرێنەڕوو، چونكە ناونیشان لە نێوان نێرەرو وەرگردا، پەیامێكی زمانی پڕ كۆدە. هەروەها ناونیشان وەك یەكەیەكی خاوەن دەلالەت، هەڵگری هەموو ئەو ئەركانەیە ، كە ڕۆڵەكەی لە دەقدا دیاری دەكەن.

ناونیشان یەكەم پێكهاتەیە كە بەرەو ڕووی خوێنەر دەبێتەوە، بۆیە نابێت ( هەڵبژاردنی ناونیشان لەسەر بنەمای مەزاجی بێت، چونكە لەلایەك ناونیشان بەشێكی جیانەكراوەی دەقە، لەلایەكی دیكەشەوە ئەركەكەی بڕیار لەسەر زیندوێتی دەدات){عەلی:78:2015}.واتە، دانەری دەق بەلەبەرچاوگرتنی ئەركی ناونیشان ، ڕێگای گەیاندنی دەق بە خوێنەر كورت دەكاتەوە.هەر بۆیەش محمد مفتاح دەڵێت : (ناونیشان یارمەتییەكی باشمان دەدات لە هەڵوەشاندنەوەو لێكۆڵینەوەی دەق){مفتاح:72:1990}. لێكۆڵینەوە ڕەخنەییە نوێیەكان گرنگییەكی زۆر بە كلیلەكانی دەق دەدەن، لێكۆڵینەوەش لەناو و كلیلی ناونیشان و ئەركەكەی ، كۆگای بیرو هەڵهێنجانی واتاو لێكدانەوە خوێنەر بەهێز دەكات. بۆیە لە دەقی شیعری نوێ ، بە ئاگایانەو لە شێوەی پێویستییەكی گرنگ پەیڕەوە لێكراوە.

(شێركۆ بێكەس)یش، لەو شاعیرانەیە ، كە زۆر بە وردی ناونیشان بەكاردەهێنێت و وەك هێزێكی كاریگەری ڕاكێشان و ئاراستەكردنی خوێنەر مامەڵەی لەگەڵدا دەكات. ناونیشان لای شاعیری ناوبراو لەخۆوە هەڵنەبژێردراون ، بەڵكو خاوەن ڕەهەندێكی دەلالی و ئیستاتیكین و مانایەكی دیاریكراو بە دەق دەبەخشن. ئەمە جیا لەوەی ، كە ناونیشان دەبێتە ناسنامەی دەق و لەوانی دی جیادەكاتەوە.

هەژماركردن و دەستنیشانكردنی ئەركەكانی ناونیشان، بەپێی تێڕوانینی لێكۆڵەرەوان و بەپێی سەردەم و جیاوازی جۆرەكانی ناونیشان خۆی، پۆلێنی جیاوازی بۆكراوە. هەریەكە لە ( لیۆهۆك) و ( جیرار جینیت) چەند ئەركێكیان بۆ ناونیشان دیاریكردووە، كە ئێمە لەم لێكۆڵینەوەیەدا ئەم ئەركانەو چەندانی دیكە لە ناونیشانە شیعرییەكانی ( شێركۆ بێكەس) لە خوارەوە دەخەینەڕوو :

**1.3.2 ئەركی ناونان**: ئەم ئەركە مەبەستەكەی لەناو خۆیەتی ، چونكە ( شوناس و ناسنامە بە دەق دەبەخشیت){عەلی:84:2015}. كەواتە، ئەم ئەركەی ناونیشان دەبێتە هۆكاری جیاكردنەوەی دەقەكان لەیەكتر. بۆیە بەگرنگترین ئەركی ناونیشان دادەنرێت لە دەقی ئەدەبیدا.هەرچەندە ئەم ئەركە لای هەندێ لە ڕەخنەگران بە ناوی دیكەیشەوە هاتووە، بەڵام هەموویان لەسەر ئەوە كۆكن، كە مانای ناونان و دەستنیشانكردن دەگەیەنێت. واتە، پێمان دەڵێت ئەم دەقە چ جۆرە دەقێكە.شێركۆ بێكەس لە زۆربەی دیوانەكانیدا، جیا لەوەی كە دیوانەكانی ناو ناوە، ناوی لە دەقەكانیش ناوە. وەكو (دەقی شیعر، دەقی واڵا، پەخشانە شیعر، شانۆنامە....زهتد). بۆ نموونە دیوانەكانی ( تریفەی هەڵبەست،كەژاوەی گریان،تۆ ئەتوانی بە قومێ ماچ بمخەیتەوە هەڵقوڵین، شایی شەهید،كەشكۆڵی پێشمەرگە) ناو ناون شیعر، كەچی ( ئاسك،كاوەی ئاسنگەر)ی ناوناوە شانۆنامەی شیعر. (كازیوە)شی ناوناوە پۆستەر شیعر. دیوانەكانی ( دوو سروودی كێوی، داستانی هەڵۆی سوور،دەربەندی پەپولە) هی ناوناوە شیعرو قەسیدەی درێژ. دیوانەكانی( خاچ و مارو ڕۆژژمێری پیشمەرگەیەك، گوڕستانی چراكان) ی ، بە ڕۆمانە شیعر ناوبردووە. (كورسی، ملوانكە،ئێستا كچێك نیشتمانمە) دەقی واڵان و دیوانەكانی (تەون، هەست و نەست)ی بە شیعرو پەخشان ناوبردووە.

**2.3.2 ئەركی وەسفی** : دەتوانین بە ئەركی ناساندنی دەقیش ناوهی ببەین، واتە پێوەندییەكی ئاشكرا لە نێوان ناونیشان و بابەتی دەق دەبینرێت و بە ڕوونی ناونیشان وەسفی دەق دەكات. جینیت دەڵێت : (ئەم ئەركە لە پرۆسەی پێوەندیكردندا زۆر گرنگەو ناتوانرێت دەستی لێهەڵبگیرێت){gennet:1993:85}. كەواتە ، ئەم ئەركەی ناونیشان باس لە شێوەی وەسفكردن یان لێكۆڵینەوەو ڕوونكردنەوەی دەق دەكات. بۆ نموونە، لە شیعری (هۆنراوەكانم) پێوەندییەكی ئاشكرا لە نێوان ناونیشان و دەقدا هەیە، دەلالەتەكانی ناونیشان و دەلالەتەكانی دەق لەسەر یەك ڕێچكەی شیكردنەوەدان، هەروەك شێركۆ دەڵێت :

هۆنراوەكانم پەپوولەن
بەشوێن وشەی دڵا ئەفڕن
گەرا ، لەناو گیانا ئەخەن
لە دەروونا ، وچان ئەگرن

هەڵبەستەکانم سنوریان

نییەو سەربەست یەن و ئەچن

هەموو دنیا ، هەموو چیان

لە باوەشی خۆیان ئەگرن   (بەرگی یەکەم : 2006: 13)

ئەم ناونیشانە لە یەك وشە پێکهاتووە، بەڵام مەبەست کۆی شیعرەکانی شاعیرە ، کە لە ڕێگەیەوە وەسفی شیعرەکانی و ئەرك و پەیامیان دەخاتەڕوو. لە دیوانی (ملوانکە)شدا، کە ناونیشان لە تاکە وشەیەك پێکهاتووەو تایبەت کراوە بە ژن، هەروەك لەسەر بەرگەکەشی وێنەی چەندین مورووی جوان و ڕەنگاوڕەنگ نەخشێنراوە، کە لە ڕێگایانەوە باسی دەردو ئازارو مەینەتییەکانی ژنانمان بۆ دەکەن، سەرەرای پیشاندانی لایەنە ناسك و جوانەکانی ژن.هەروەك شاعیر خۆیشی لە سەرەتای دیوانەکەدا دەڵێت : ( ملوانکە نوێترین تێکستی درێژی منە. کتێبی ژنە){ملوانکە:6:2007}. لەسەر زاری ئەو ملوانکانەوە دەڵێت :

لێرە بۆ پیاوەتی خەوشە

لە هیچ بۆنەیەکدا لە چوونە ژوورەوەدا

لە هاتنە دەرەوەدا

ژن پێش خۆی بخات.   (ملوانکە:82:2007)

**3.3.2   ئەرکی ناساندنی شاعیر** : هەندێك شیعر هەن لە ڕووی هونەریی و ناونیشان و ناوەڕۆك و پێکهاتەی دەلالیی و ئیستاتیکییەوە ، یان بوونی پەیامێکی نەتەوەیی و نیشتمانی قوڵ تیایاندا، بۆ چەندین نەوەو سەردەم دوای سەردەم بە زیندوویی لەسەر زارو بیرو هۆشی خوینەراندا دەمێنێتەوە.واتە، لە مێشك و یاداوەری تۆمار دەبێت و خوێنەر بۆ گێرانەوەی یان ناسینەوەی بابەتەکە،ناونیشان و ناوی نوسەرەکەی دووپاتدەکاتەوە. بۆیە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ، لەڕێگەی بڵاوبوونەوەو ناسراوی ناونیشانەکەیەوە، خودی شاعیر بە خوێنەران دەناسێنێ و هەر لەگەڵ ناوهێنانی ناونیشانەکدا ، ناوی نوسەرەکەیمان لە زەیندا وێنا دەبێت. (شێرکۆ بێکەس) لەو شاعیرە دەگمەنانەیە، کە زۆر بە وردی و بە ئاگایانەوە ، بە شێوازی تایبەتی خۆی نیشانەی بزۆکی لە داڕشتنی ناونیشانی دیوان و شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، کە لەگەل ناوهێنانیان ناوی شاعیریشمان دێتە یاد. بۆ نموونە ، (کازیوە ، تریفەی هەڵبەست ، کەژاوەی گریان، هەرەس ، کۆچ ، هەڵەبجە ، بۆ بارزانی ، کورسی ، مەشخەڵان).

**4.3.2 ئەرکی ئیستاتیکی** : ئەم ئەرکەی ناونیشان پێوەندی بە شیعریەتی ناونیشان خۆیەوە هەیە، واتە لە پەیڕەوکردنی ئەرکەکەیدا پەیوەست دەبێت بە خۆیەوە. (شێرکۆ بێکەس) ئەم جۆرە ناونیشانەی لە شیعرو دیوانەکانی دانەبڕیوە .ناونیشانی ئیستاتیکی ( پێویستە سنووری باو ببەزێنێ و لە نوسینی زمانی ئاسایی یان لەتێگەیشتنی چاوەڕوانکراودا دەربچێت){الجبارە:514:2013}.

قەسیدەی ڕەنگدان نموونەیەکی بەرزی پیشاندانی ئەم جۆرە ئەرکەیە، کە شاعیر وشەیەکی نوێی هێناوەتە ناو فەرهەنگی زمان و ئەدەبی کوردی، وشەکەی بە جۆرێك زەقکردۆتەوە کە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت. لێرەدا، ناونیشان وەك نیشانەیەکی سیمیۆلۆژی ( دەق بۆ خوێندنەوەی زیاتر واڵا دەکات){شقروش:272:2000}. کەواتە، حەزی خوێنەر دەجوڵێت بۆ گەڕان بە شوێن جوانییەکانی ناونیشان. هەروەها لە ناونیشانێکی وەکو ( من تینوێتیم بە گڕ دەشکێ)، لە ڕێگەی لادانێکی واتاییەوە جوانی بە ناونیشانەکە بەخشیوە، کە خوێنەر ناچار دەکات بەرەو مانا قوڵ و شاراوەکاندا ڕۆبچێت.

**5.3.2ئەرکی دەلالی** : ئەم ئەرکەی ناونیشان پشت بە ئەزموون و هێزی نوسەر دەبەستێ، بەو پێیەی هەڵگری بەشێك لە بۆچوون و دیدی نوسەرە   لە ڕێگەی ئاماژەو پێکهاتە زمانییەکانەوە. پێکهاتەی وشەیی ئەم ناونیشانە، پیکهاتەی ڕەمزی ئاڵۆزە. بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کۆدەکان ناکرێنەوەو بە ڕوونی بە ناوەڕۆکی پەیام و بابەتی دەقمان پێناگەیەنن. بۆیە خوێنەر ناچار دەکات لەناو دەقدا بە وردی بەدوای ئەو نیشانانەدا بگەڕێت کە هەڵگری پەیامی ناونیشانن.(شێرکۆ بێکەس) لە دیوانەکانی ( دەربەندی پەپولە ، سروودە بەردینەکان ، گۆڕستانی چراکان ) ئەم ئەرکەی بە ناونیشان بەخشیوە، کە تیایاندا ناونیشان هێمایەکەو دەقیش کۆمەڵێك هێمای دیکەی لەخۆیدا هەڵگرتووە لە پێناو وێناکردنی ئەو هێما گەورەی، کەناونیشان بەرجەستەی دەکات. وەك دەڵێت :

زیلێك ، دوو زیل و هەزار زیل

لیرەوەیە کۆچێکی سوور ، کۆچێکی دوور

ڕێچکە ڕێچکەو ، کاروان کاروان

هەناسەی بەفر هەڵئەگرێ و

شەوقی مانگە شەو هەڵئەگرێ و

خەندەی ناو بێشکە هەڵئەگرێ و
لاوك و حەیران هەڵئەگرێ و
لە دواییدا (با)ی گڕاگڕ
یەکەیەکە لە ناو وەیلا
دایائەگرێ (گۆڕستانی چراکان: 25:2009)

کۆی وشەکانی ( زیل ، کۆچی سوور ، کۆچی دوور ، خەندەی ناو بێشکە ) ، ئەو ئاماژانەمان دەدەنێ،کە کورد دێهاتەکانی بە بچووك و گەورەو پیریەوە چۆن ڕاگوێزراون و بوونەتە قوربانی دەستی بەعسییەکان، لە هەڵمەتی قڕکردنی میللەتی کورددا .

**6.3.2 ئەرکی وروژاندن یان سەرنجڕاکێشان** : ئەم ئەرکە پێوەندی بە خوێنەرەوە هەیە، چونکە ناونیشان بیرۆکەی سەرەتاو یەکەمین دەداتە خوێنەر، ئەم یەکەم ڕووبەڕوونەوەش سەرنجڕاکێشە بۆ بیرو بینین، (فیکتۆر دی لابرادی) دەڵێت: (مرۆڤەکان دوو جۆرن،کاتێ سەیری تابلۆ هونەرییەکان دەەن،هەندێکیان وێنەکانیان پێ جوانە، هەندێکیشیان بە جوانی چوارچێوەکانیان سەرسامن){الشیخ: 2010:96}.واتە، ناونیشان وەك چوارچێوەیەکی دەق، لەیەکەم بینینەوە کاریگەری درێژخایەن یان کورتخایەن بەجێدەهێلێت. ڕاکێشانی سەرنج و دیدی خوێنەر لە کێششکردنی بەرەو لای دەق، لە ڕووی بازرگانیشەوە سودی دەبێت جیا لەوەی کە ئەم ئەرکە لە ڕووی خوێندنەوەشەوە ڕەواج و بایەخ بە دەق دەدات. وروژاندن و ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر هەر لە ناونیشانی سەر بەرگەوە دەستپێدەکات و لەوێوە حەزی خوێنەر دەجوڵێنرێت بە مەبەستی کردنەوەی گرێ و هەڵهێنانی مەتەڵی ناونیشان. بۆیە نوسەری کتێب لە کاتی هەڵبژاردنی ناونیشان بۆ بەرهەمەکەی ( سەلیقەی خوێنەر لەبەرچاو دەگرێت، هانا بۆ ئەو ناونیشانانە دەبات کە بیرو دەروونی وەرگرەوە نزیك بێت){الجبارە:514:2013}. ئەمەش لە پێناو زۆرترین کڕیارو خوێنەر. (شێرکۆ بێکەس) ناونیشانی وروژێنەرو سەرنجڕاکێشی هەڵبژاردووە بۆ بەشێك لە دیوانەکانی، بۆ نموونە ، (تۆ ئەتوانی بە قومێ ماچ بمخەیتەوە هەڵقوڵین)، ئەم ناونیشانە لای خوێنەر دەبێتە جێگای سەرنج و بەدوای ئەو (تۆ)یەدا دەگەڕێت بزانێت کێیە،ئەی بۆ قومێ ماچ و هەڵقوڵین. یان لە ناونیشانی ( من تینوێتیم بە گر دەشکێ) ، هەرچەندە ناونیشانەکە درێژەو لە ڕستەیەك پێکهاتووە، بەڵام ئیستاتیکییەتی ناونیشانەکە بووەتە هۆکاری ڕاکێشانی خوێنەر، بۆ ئەوەی لەو پاڕادۆکسە تێبگات کە شاعیر لە بری (ئاو) بۆچی تینوێتی بە (گڕ)دەشکێ. خوێنەر ناچار دەکات بە قولایی دەقدا شۆڕبێتەوە بەمەبەستی بەدەستهێنانی واتای ناونیشان. هەروەها لە ناونیشانی (ئیستا کچێك نیشتمانمە) شاعیر پشت لە نیشتمانی ڕاستەقینەی دەکات و کچێك دەکات بە نیشتمانی. ئەم ناونیشانە سەرنجڕاکێشە خوێنەر پەلکێشی دەق دەکات، بۆ ئەوەی بزانێت ، کە بۆچی شاعیر کچێکی کردووە بە نیشتمانی خۆی؟ وەك دەڵێت :

ئەو .. قەسیدە (با)ی وەشتێکی برینداری
سەر شەقام و ناو ماڵەکانی خۆتانە
***
دەمێکە باخەوانێکی تورەمان لێپەیدابووە
نە گوڵێ نە دارێ نە مەلێ
بێ ئاگا بوون چۆن هاتووەو
کێ کردوێتی بە باخەوان
***
ئەگەر دنیا
لەم عەشقەی من و ڕۆژانای
لەناو دڵی ژن و پیاوی
سەر زەمیندا تۆو کردایە
دڵنیبووم
ئیتر ڕق و شەڕو تۆڵەی
تا هەتایە بەخۆیەوە نەبینیایە.

(شێرکۆ بێکەس) ژیانی خۆی بە ژیانی تاك بە تاکی کۆمەڵگەوە دەبەستێتەوەو باسی دەردو نەهامەتییەکانی ئەو نیشتمانە دەکات، کە نەیتوانی ببێ بە سێبەری هەمووان. بۆیە ئەو یاخیبوونەی شاعیر بە پشتکردنە نیشتمان و چوونە دەرەوە لێی کۆتایی دێت. هەروەك دەڵێت :

من چیم دەویست لەو زیاترو نەیدامێ

بۆیە ئیتر نیوە شەوێ

دەروازەکەیمر شکاندو چوومە دەرێ

بە ئێجگاری چوومە دەرێ        (ئێستا کچێك نیشتمانمە:287)

**7.3.2 ئەرکی ئایکۆنی** : ئایکۆن بریتییە لەو نیشانەیەی، کە بەپێی لێکچوون پەیوەستە بە بابەتێکەوە ، لە (بەڵگەیەك کە هەڵگری سیفەتێك یان چەند سیفەتێکەو لە ڕێی ئەو سیفەتانەوە دەمانگەیەنێت بە واتا یان بابەتەکەی، کە ماناکەیمان دەداتێ. جا بابەتەکە بوونی هەبێت یان نەبێت){ڕەئوف:162:2016}. کەواتە، ئەمر ئەرکە بریتییە لە شیکردنەوەی هەنگاوەکان بەهۆی لێکچوون لە نێوان نیشانەکان و سەرچاوەکانیاندا.ناونیشانی (پیاوێ لە دار سێو)و لەگەڵ ئەوەی، کە ناونیشانەکە گرێیەکی ناوییە، وشەی (پیاوێ) لەمر ناونیشانەدا بووە بە ئایکۆنێك و خوێنەر دەیەوێت ئەو لێکچوونە هاوبەشانە بزانێت، کە لە (پیاو)و(دارسێو)ی، کۆکردۆتەوە.وەك دەڵێت :

ئێوارەی ڕۆژی شانزەی سێ

هەموویان کۆئەکەمەوەو

ئەمر پیاوەیان پێئەسپێرمر

پیاوێ لە هەڵوێست

(وەختێ هەڵوێست ئەبێ بە شاخ)

پیاوێ لە شەپۆل

(ئەو وەختەی شەپۆل ئەبێ بە پەڕەی ڕۆژنامە)

پیاوێ لە ڕەنگی سادەیی

(وەختێ سادەیی دەبێ بە ئاوی کانی)

لەدوایشدا پیاوێ لە دارسێو

وەختێ کە سێو

ئەبێ بە ئەوینە لاسوورەی گشت وڵات و

هەموو ساڵێ بەشی هەمووومان ئەگرێت و

خۆشمان ئەوێت.        (بەرگی پێنجەمر: 2006: 415)

دروستکردنی ئەمر پێوەندییە هاوبەشانە لە نیوان (هەڵوێست و شاخ)، (سادەیی و کانی) ، (شەپۆل و ڕۆژنامە) ، وایکردووە ئەرکی هەریەك لەمانە وردتر ببنەوە.

**8.3.2 ئەرکی هێمایی** : ناونیشان وەك سەری دەق، هەڵگری چەندین (بیر) و دەلالەتە. بۆیە ڕەمز دەبێتە کەرەستەیەکی گرنگی دەقی شیعر.ناونیشانی شیعری (دار بەڕوو)، وەك ناونیشانێکی سەرەکی هەڵگری کە کۆمەڵێك دەلالەتی بەهێزە، لەمر دەقەدا (دار بەڕوو) تەنها وەك دار مامەڵەی لەگەڵدا نەکراوە، بەڵکو وەك هێمای (ژیان، زیندوێتی ، مانەوە، خۆڕگری) مێژووی میللەتێك دەخاتەڕوو.(داربەڕوو) وەك هێمای سیمبولی نەتەوەی کورد، باسی ناکۆکیە نێو خۆییەکانی نەتەوەی کوردو بە درێژایی مێژوو، هەروەها ئەو دەستە دەرەکییانە دەکات ،کە ویستیان کورد لەسەر نەخشە بسڕنەوە، بەڵامر ئازایەتی و خۆڕاگری کور بووە هۆکاری دووبارە هەستانەوەو ژیانەوەو گەشانەوە. هەروەك شێرکۆ دەڵێت :

داری بەڕوو

پێیان ئەوت : داری ژیان

داری زیندوو

ئەوەندە: بروای بەخۆی بوو

ئەوەندە: هێزی تیابوو

بە گژ : دەریای ساما ئەچوو

بە گژ: ڕەشەبادا ئەچوو

تا دەگاتە

داری بەڕوو بنی ڕۆچوو

قەدی ڕزی ، لقی نەما

لەشی سووتا

دووکەڵ لەناو سکی هەستا

مەڵێن سەیرە ، بەڵام هێشتا g

بەڕوو ماوە .. (بەرگی یەکەم : 2009 : 244)

شاعیر گیانی بە بەر (داربەڕوو)دا کردووە، لە پێناو ئەرکەکەی و ڕۆڵ و مێژووی کورد، ئەمەش وەڵامی ئەو پرسیارەیە کە خوێنەر لەگەڵ بینینهی ناونیشانی دەقەکە بۆی دروست دەبێت، کە ئایا (داربەڕوو) پێوەندی بە کوردو مێژووکەیەوە چییە. دواجار کۆی گشتی دەق لە خزمەت ناونیشاندا دەبێت. شاعیر دەڵێت :

ڕەگی قووڵی بنج و بێخی

بەڕوو ماوە

هیوا ماوە

بەرەو ئاوی بن ئەبزوێ

بەڵام ڕەگی تینوو ئەڵێ :

من لە ئیوە خوێنم ئەوێ

چرای بیری ڕونم ئەوێ

چاوم ئەوێ ، گیانم ئەوێ

هەستم ئەوێ

مێشکم ئەوێ

دەستم ئەوێ (بەرگی یەکەم : 2009 : 245)

**9.3.2 ئەرکی گوزارشتی** : بەو پێیەی ، کە شیعر هەست و سۆز خەیاڵ و هەڵچوونە، ناونیشانیش دەبێتە ئەو ئەستێرە گەشاوەیەی ، کە حەقیقەتی کەسێتی و کۆڕانی شاعیرەکەی لێوە دەست پیبکات. بە تایبەتی ئەگەر ئازارو ژیانامەی شاعیر بزانیت، تەنها ناونیشان بەسە بۆ تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی دەق.بۆیە ناونیشان دەبێتە هەڵگری ئەرکی گوزارشتکردن لەو هەست و نەستانەی، کە شاعیر وەك مرۆڤێك دەریاندەبڕێت. واتە ئەم ئەرکە دیارخەری دەروونی شاعیرو هەڵوێستەکانیەتی.ئەرکی گوزارشتی، لە دیوانی (هەست و نەست)دا، زۆر بەڕوونی هەستی پێدەکرێت، هەروەك خۆی دەڵێت : (من ئەگەر دوو دێری جوانیشم لە پەخشانێکی خۆمدا بەدیکردبێت حەزم نەکردووە بیانشارمەوەو بزریان بکەم..... بەشی هەرەزۆری پەخشانەکانی ئەم بەرهەمەی لەبەردەستاندایە وەك ئەبینن یان بۆ ڕێز لێنان و خۆشەویستی هاوڕێیان یاخود بۆ کۆچی دوایی ئازیزان و ئەو کەسانە نوسراون کە جیگەیەکی تایبەتیان لە دڵمدا هەبوو){بێکەس:2010:8}.ناوبراو لە شیعری (ئیرەیی)دا پەرچەکدار دەنوێنێ بەرامبەر بەو کەسانەی، کە بە نەیاری خۆیانیان زانیووە، دەڵێت:

ئەی قەلەمە نەیارەکان

من ئەزانم

بۆچی ئیرەییم پێ ئەبەن

لەبەرئەوەی

ئەو هەموو کچە شیعرانە

ناسك ..........ناسك

وەکو لاولاو ، لە چوارلاوە

ئاڵاونەتە خامەکەم و

ماچم ئەکەن (بێکەس : 2010: 140)

لە شیعری (هیوا)دا، شێرکۆ هەستی خۆشەویستی خۆی بەرامبەر بە کوردستان دەردەبڕێت. لەسەر زاری شیعرەوە مانەوەی خۆی بە مانەوی کوردستانەوە پەیوەست دەکات.ئەو سۆزەی لە ناخ و دڵ و دەرونیدایە بەم شێوەیە گوزارشتی لێدەکات:

ئەگەر ئەوینت باران بێ

وا لەبەریا ڕاوەستاوم

ئەگەر ئەوینت ئاگر بێ

وا لە ناویا هەڵکورماوم

ئەی ئەوینی کوردستانم

شیعرم ئەڵێ:

تا باران و ئاگر مابێ

منیش ماوم (بێکەس:2002: 442)

**10.3.2 ئەرکی لادان** : بەکارهێنانی ناونیشان لە شیعردا مەبەستدارە، بۆیە زۆرجار ملکەچی لایەنی ڕێزمانی و واتایی زمانەکە نابێت. واتە ( ناونیشان لادانێکی زمانی ڕوون و پێچەوانەی لۆژیك و واتای فەرهەنگییە){صبور : 2014 : 7}. لەلای شێرکۆ بێکەس لادانی زمانی و تێکشکاندنی یاسا ڕێزمانییەکان بەشێکی دانەبڕاون لە ناونیشانی شیعرەکانی. چەندین جۆر لە لادانی لێکسیکی و واتایی و ڕێزمانی و ڕستەسازی بەکاربردووە، بۆ نموونە ، لە ناونیشانەکانی (بۆننامە)و(کەرکوکنامەیەك) لادانێکی لێکسیکی دروست کردووە ، بە هێنانەوەو دروستکردنی وشەی تازە بۆ زمانەکە. لەبەرئەوەی ( هەندێجار شاعیر بۆ ئەوەی لە درێژبڕی دەرچێت، یان بۆ پاراستنی وزەو لکاندنێکی توندوتۆڵ یان نەبوونی هەندێ کەرەستەی ئامادە لە زمانەکەدا، خۆی وشە دادەتاشێ){کانەبی: 2009: 39}.

بێگومان ئەم کارەش لە خزمەت دەوڵەمەندکردنی زمانەکەدایە، کە شێرکۆ بێکەس چەندین جۆر لادانی لە ناونیشانی شیعرو دیوانەکانیدا تەوزیف کردووە.بۆ نموونە ، لە ناونیشانەکانی (بڕیاری گوللە) و (خەونە تاڵەکان)دا ، دوو لادانی ماتایی لەسەر بنەماکانی (بەکەسکردن) و بە (تەنکردن) دروست کردووە. لە یەکەمیاندا؛ئەرکی (بڕیاردان)ی داوەتە پاڵ (گوللە)، کە ئەمە تایبەتە بە مرۆڤ. لە دووەمیشیاندا؛ تامی (تاڵ)ی بە (خەون) بەخشیوە، کە لە بنەڕەتدا (خەون) خۆی شتێکی بەرجەستە نییە.

**11.3.2 ئەرکی سەرچاوەیی** : ئەم ئەرکە جەخت لەسەر بابەتی پەیامەکە دەکاتەوە. شاعیر سەرچاوەیەکی دیاریکراوی هەیە بۆ بەرهەمهێنانی دەقەکە، سەرچاوەکەش واقیعی و سەرەکییە کە گوزارشت لە پەیامەکە دەکات.

(شێرکۆ بێکەس) بە چاوێکی تیژو ورد بینەوە ، چەند ڕووداوێکی مێژوویی و نەتەوەیی کردووە بە سەرچاوەی بابەتی شیعرو دیوانەکانی. بۆ نموونە ، لە شیعری ( سڵاو گوڵ کێویلەکانی شۆڕش سڵاو)، سەرچاوەکەی ژیانی سەخت و دژواری پێشمەرگەیە، کە لە ڕێگەیەوە گیان فیدایی و تینوێتی میللەتی کوردمان بۆ ئازادی و بەرەنگاربوونەوەی زوڵم ستەم وداگیرکاری پیشاندەدات. کاتێك دەڵێت:

سڵاو سڵاو

من دەنگتانم و لە لایشتان نیم

گوێچکەم لێرەیەو بیستنم لە لاتانە

هەموو ڕۆژێ قریوەی سەرچۆپی هەواڵ

حیلەی ڕەوە ئەسپی پ.م

لەناو ژوری تەنیاییمدا

مێژوون و دەنگ ئەدەنەوە

تا دەگاتە

ئێوە ئەی گوڵە جەرگینە

ئەی جەرگ کون تیانەبووەکان

خاك لە هەنگاوتاندا ئەژی

ئاو لە هەناوتاندا ئەژی

ئێوە مەرگ ڕام ئەکەن و

کوردستانیش لەناو سەنگەرتاندا ئەژی (بەرگی دووەم: 2002 : 652)

لە ناونیشانی (گۆڕستانی چراکان)یشدا، کە سەرچاوەکەی کارەساتی ئەنفالە، شاعیر لە ڕێگەیەوە دڕندەیی بەعس و مەزڵومیەتی کورد دەخاتەڕوو، کە دەڵێت:

چیتان بۆ بگێڕمەوە؟چی؟

چیرۆکی سەمای ئەو

ئاوەڵکراسانەی کە قەحطان و عەدنان ودەحام
بەپێش دەمی قافلەی زیلەکانەوە هەڵیانواسین
چییان بۆ بگێڕمەوە
چی؟ حیکایەتی منداڵەکەم کە لە ئاو دەستێکدا بووم و تەمەنی
چارەکە سەعاتێك و لە دواییدا لەناو قاقای عەسکەرێکدا مرد. (بەرگی شەشەم : 2009 : 28).

**ئەنجام**

1_ ناونیشان؛ ناسنامەی دەق و یەکەمین کلیلی کردنەوەی دەرگای مانا شاراوەکانی دەقە. بۆیە پێویستە لەسەر خوێنەر، کە بە وردی و بە ئاگایانەوە بیخوێنێتەوەو مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

2_ لە لای شێرکۆ بێکەس بەکارهێنانی ناونیشان و هەڵبژاردنی ، کارێکی هەر لەخۆوە نییە، بەڵکو دەچێتە ژێر باری ستراتیژیەتێکەوە لە پێناو مەبەست و ئامانجێك.

3_ شاعیر زۆرترین جۆرەکان ناونیشانی بەکارهێناوە، زۆرترین ئەرکیشی خستۆتە ئەستۆی ناونیشانە ڕاستەقینەکانی دەق.

4_ شێرکۆ بێکەس لە ئاستی زمانی و دەلالیدا ، مامەڵەیەکی وردو داهێنرانەی لەگەڵ ناونیشاندا کردووە.نیشانەکردنی ناونیشانەکان ، تایبەتمەندی شێوازی شاعیریان پیوە دیارە.

**سەرچاوەکان**


**بەزمانی کوردی**:

**یەکەم:کتێب:**

_ قورئانی پیرۆز.

_ ئورمانی( نزار سلمان طاهر)،2009،ناڤونیشان وەکو ناساما تێکستێ هۆزانێ(هۆزانێن"محسن قۆچان"ی وەکو نمونە،_ڤەکۆلینەکا سیمیۆتیکی شلڤەکارییە_)، چاپا ئێکێ،چاپخانەی هاوار،دهۆك.

_ ئەسوەد(نەوزاد ئەحمەد)،2010،شیعرییەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

_ بێکەس(شێرکۆ)،2002،دیوانی شێرکۆ بێکەس،بەرگی دووەم،(1974-1986)،سلێمانی.

_ بێکەس(شێرکۆ)،2009، دیوانی شێرکۆ بێکەس،بەرگی یەکەم(1968-1980)،سوید.

_ بێکەس(شێرکۆ)، 2006، دیوانی شێرکۆ بێکەس،بەرگی سێیەم،(1971-1993)،کوردستان.

_ بێکەس(شێرکۆ)،2006، دیوانی شێرکۆ بێکەس،بەرگی چوارەم(1993-1998)،کوردستان.

_ بێکەس(شێرکۆ)، دیوانی شێرکۆ بێکەس،بەرگی پێنجەم(1999-2003)،کوردستان.

_ بێکەس(شێرکۆ)، دیوانی شێرکۆ بێکەس،بەرگی شەشەم(2004-2006)، کوردستان.

_ بێکەس(شێرکۆ)،2010،هەست و نەست،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی.

_ بێکەس(شێرکۆ)،2007،ملوانکە،چاپخانەی ڕەنج،سلێمانی.

_ ڕەشید(فوئاد)،2007،دەقی ئەدەبی(ئەدگار.چێژ.بەها)چەند نوسینێکی ڕەخنەیی تیۆری و پراکتیکییە،چاپی یەکەم،چاپخانەی دەزگای ئاراس.هەولێر.

_ ڕەئوف(لوقمان)،2016،دەقی شیعری کوردی لە ڕوانگەی سیمیۆلۆژییەوە(1950-1975)کرمانجی خواروو،چاپخانەی حەمدی.

_ کانەبی(دلێر سادق)،2009،هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد،چاپی یەکەم،چاپخانەی خانی،دهۆك.

_ لەتیف(دیار)،1399،ناونیشان و دەق،چاپی یەکەم،چاپخانەی خانی،سەقز.

_ مەنتك(حەمە)،2019،سیمیۆلۆژیای گێڕانەوە (هەقایەتی ئەفسانەی فۆلکلۆری کوردی بە نموونە)،چاپخانەی سەردەم،سلێمانی.

**دووەم: نامەی ئەکادیمی :**

_ محەمەد ئەمین(عەبدولکەریم مستەفا)،2016،شعرییەتا ناڤونیشانی د کورتە چیرۆکێن"ئیسماعیل هاجانیدا کومەلەیێن(مەدانا کوچکان و کفنی پیرێ وەکو نموونە)،نامەی ماستەر،کۆلیژا پەروەدا بنیات،زانکۆیا دهۆك.

_ وەرارا دەلالەتا ناڤونیشانی د ڕۆمانا کوردیدا/ژ دەستپێکێ تاکو(2010)ێ هەرێما کوردستانا عێراقێ وەکو نموونە،ڤەکۆلینەکا هونەری شلۆڤوکارییە،نامەی ماستەر،فاکولتیا زانستێن مرۆڤایەتی،زانکویا زاخو.

**سێیەم: گۆڤار :**

_ ئاوارە(موحسین)2017،ناونیشان تا ئاستێك کاریگەرە،گۆڤاری ڕامان،ژمارە (236).

_ عەلی(سامان محمد)،2015،کارنامەی ناونیشان لە دەقە واڵاکانی شێرکۆ بێکەسدا،گۆڤاری زانکۆی کەرکوك،ژمارە(3).

**بەزمانی عەرەبی:**

**یەکەم: کتیب :**

_ النورالدین(صدوق)،1994،البدایة فی انص الروائی.دار الحوار للنشر والتوزیع،الاذقیة.

_ خمری(د.حسین)2007،نظریة النص(من بنیة المعنی الی سیمیائیه الدال)،دار العربیة للعلوم.

_ قاسم(عدنان حسین)،2000،الاتجاه الاسلوبی البنیوی فی نقد الشعر العربی،الدار العربیة للنشر والتوزیع،مصر.

_ مفتاح(محمد)،1990،دیتامیه النص(تنظیر وانجاز).المركز الثقافی العربی،دار البیضاء،بیروت.

**دووەم: گۆڤار(المجلات) :**

_ المطوی(د.محمد الهادی)،شعریة عنوان كتاب الساق علی الساق فی ما هو الفاریاق،مجله عالم الفكر،تصدر عن المجلس الوطنی للثقافة والفنون والاداب،المجلد(25)،العدد(3)،الكویت.

_الماضی(نریمان)،العنوان فی شعر عبدالقادر الجنابی(حیاة ما بعد الیاء نموذجا)،مجلة(ایلاف)،الموقع ایلاف.

_ حلیفی(شعیب)،1992،النص الموازی للروایة(استراجیة العنوان)،مجلة الكرمل،العدد(46)،قبرص.

_ حمداوی(د.جمیل)،1997،السیمیوطیقا والعنونه،مجلة(عالم الفكر)،مجلة دوریة محكمة تصدر عن المجلس الوطنی للثقافة والفنون والاداب،العدد(3)،الكویت

**دور العنوان من القصائد شیركو بیكەس**

**هیمداد حسین　　　عبدالله محمد خالد**

**ملخص**

في نقد الادب الحديث، العنوان مثل الجنس مهمة والنص اساسی مثل المبادیء تعدد من الشعر الكردی و ينشأ من مكان واسعة يبحث بحثا كثيرا. (شيركو بيكەس) مثل الشاعر الاستحياء دورا مهما و بارزا ايضا في الاستحياء الشعر الكردی بالشكل الابداع، و استخدام العنوان لينشأ القصائده. وهذا المهم في الامر الشاعر بالعنوان ليس عشوائيا ولكن من أجل ارسال الرسالة.العنوان كان رأس الجسد، القارىء والناقد بعدها لقراءته تستطيع ان تكون قرارا على ان تكون يتضمن او لا يتضمن المحتويات النص، لأنه العنوان البحث يتكون من ( دور العنوان من القصائد شيركو بيكەس). وهذا البحث معها الخلاصة باللغتين ايضا الكردية والانجليزية.

**الكلمات المفتاحية** : شيركو بيكەس ، الشعر ، العنوان ، وضيفة العنوان.

**The titl e function in the Sherko bekas poetries**

**Hemdad Hussen Bakir**
College of education -department of Kurdish language / Salahadin University-Erbil
Hemdad.bakir@su.edu.krd

**Abdulla Muhammad Khalid**
College of education -department of Kurdish language / Salahadin University-Erbil
Abdulla.Halwer2020@gmail.com

**Abstract**

The title in the modern literary criticism is considered an important basic gender of the text,for example in modern Kurdish poetry the title takes a wide space with evidence that there are many researches on this subject.(sherko bekas) the Kurdish poet who is interested in modern poetry has a role in renewing Kurdish poetry creatively by showing the titles with several purposes . because of the reason , this is the title of the research ( the title function in the sherko bekas poetries).this research also is summarized in Arabic and Kurdish.

**Keywords:** sherko bekas, poetry, title, titles role.